# وەڵامێك كورت بۆ بەڕێز كاك ئەمیر قادر

**عەلی مەحمود محەمەد**

**لەبەر نەبوونی كات و سەفەركردن زۆر بە خێرایی چەند سەرەقەڵەمێك دەخەمە ڕو لەسەر یەك دوو دێڕی ئەم نووسینەی بەڕێز كاك ئەمیر قادر**
http://www.dengekan.com/doc/2007/10/amirQadir25.pdf

**, ئەگەر پێویستی كرد لە مانگانی داهاتوودا كە بوار بوو و خوا تەمەنی دا چەند دێڕێكی دیكەش دەخەمە سەر .**
**سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین وەرگێڕەكان و ڕۆژنامەنووسە كوردەكان لە هەمووكەس زیاتر سەروكاریان لەدادگای ئانرات دەردەچێت , بەشێكی زۆری ڕاستییەكان لای ئەوانە , ئەگەر بە دەرخستنی قەسیش بین , لە هەموانیش باشتر ئاگاداری بەشێك لە نهێنییە شارەووەكانی دادگاكەن , من بۆ خۆم تاكو چاوپێكەوتنێكم لەگەڵ داواكاری گشتی دۆزی فرانس ئانرات بەڕێز فرێد تەیفن نەكرد , كە بەدەنگ لام پارێزراوە , ئاگاداری وردەكارییەكانی دادگاكە نەبووم , بۆیە هەر زیادەڕۆییەك پێش ئەو مێژووە بەهەر وشەیەكی منەوە هەبوبێت داوای لێبوردن لە خوێنەرەكانم دەكەم و ڕەخنە لە خۆم دەگرم , تێگەیشتنم لەو كاتە وابووە لەسەر دادگاكە , ئێستاش ئەوەی ڕۆڵی چاك كەمبكاتەوە وەڵامی دەدەمەوە , هەنووكەش دەڵێم حكوومەتی هۆڵەندا خۆی ئانراتی دا بە دادگا , وەلیّ چاك تاكە ڕێكخراوی كوردی بوو كاری تێدا كرد و گرنگی پێدا و لەناو كورددا كردی بە قەزییە , وەلیّ ئانرات نە چاك دۆزییەوە , نە بە گرتی دا , نە بە سكالای ئەو دۆسییەی بۆ كرایەوە , بەڵكە سكالاكەری پەیدا كرد , شایەدی كەموزۆر دۆزییەوە , خۆپیشاندانی سازكرد , لەگەڵ قوربانیاندا بوو , گرنگی بە دادگا دا , ئێرانی لە دادگاكە زەلیل كرد , دۆكۆمێنتی پەیدا كرد , ئەمانەش زۆرن .**
**بە وتەی بەڕێز كاك ئەمیر " خاتوو ڤینۆس نووسیویەتی عەلی مەحمود م نابردرێتە ناو هۆڵی دادگا , بەلام لە دەرەوەی دادگاش زۆر كاری گرنگ دەكات " لە وەڵامدا بەڕێزی دەڵێت "بەشایەدی لانی كەم 4 كەس عەلی هیچ شوناسێكی پیّ نەبوو بردەمە ناو دادگاوە " .**
**سەرەتا حەز دەكەم بڵێم بە شانازییەوە دەڵێم بەشی زۆری ئەو بەشەی چاك دای لە كرێی پارێزەر من بە پەیوەندییەكانی خۆم دابینم كرد , وەلیّ بۆ یەكجاریش بەو پارەیە نەچوومە ناو هۆڵی دادگاوە , نابێت لە یادی بكەین دەوڵەت كرێی پارێزەری دەدا لە بەرامبەر ئەو كارەی بۆ قوربانیەكانی هۆڵەندی دەكرد , لە ڕاستیدا تەنها یەكجار چوومەتە ناو هۆڵی ژمارە یەكی دادگاوە , هۆڵی دووەمیش بۆ هەمووان ئازاد بوو , ئەو داوایەشم لەكەس نەكردووە , كاك ئەمیر كاك كامەران سۆرانی هاوبیر و برادەری هەندێك جار دەبردە ژورەوە , بردن و نەبردن پەیوەندی بەو كارەوە هەبوو پارێزەرەكە لە بری ئەو پارەیەی دەماندا پێی بۆمانی ئەنجام دەدا نەك دادگا و نزیكی لە دادگاوە , بە هەق بوایا دەبوایا ئەوكارەی بۆ من بكردایە , بۆ ڕۆڵیشم لە دادگاكە , ئەوا پێویست ناكات باسی بكەم , زۆر شت لە دواڕۆژدا دەردەكەوێت , ئەوەی كراوە بۆ هەلگرتنی ناو و نازناو نەبووە , وەرگێڕەكان و شایەد و سكالاكەر و خۆپیشاندەران و بودجەی پارێزەر و ڕۆژنامەنووسەكان و بەڵگەنامەكان و پەیوەندییەكان دادگا لەگەڵ دادگای عێراقی بە ئێستاشەوە ... با قسەی خۆیان بكەن , دەكرێت كاك ئەمیر بیخاتەوە بیر خۆی كە یەكەمجار چۆن دەستمان پێی كرد , ئیمەیلەكانیشی هێشتا پارێزراون , تیایدا باسی ئەوە دەكات پێكەوە دەستمان داوەتە ئەمكارە با بیگەیەنینە سەر , هاوسەری بەڕێز كاك عەلی ڕەحیمی , تاكو ئەمچركە ساتە لە یادێتی لە یەكەم دانیشتندا , كاك ئەمیر بە مارتین و هاری وت : بەبیّ ئەم كەسە هیچمان پێناكرێت , بەلام هەموو كات قازانج خاوەندی زۆرەو زیانیش هەتیووە , وەلیّ من دەڵێم هەرچیم كردبێت من نە لە كاك ئەمیر زیاترم كردووە لەو كەیسە , نە لە مام عەلی ڕەحیمی , هەموو بە هەرەوەزی بۆ یەك قەزیەیەكمان كردووە , هەریەكەی سەری سوچێكمان گرتووە و ئەوەی پێمان كرا و لە دەستمان هات و بەرمان كەوت كردمان و**

گەیاندمانە سەر , کارێك نەبووە بەمنسپێردرابێت نەمکردبێت , بەهەمان شێوە بۆ کاك ئەمیر و کاك عەلیش هەروا بووە , ئەوەشی کردمان زۆر زۆر بوو , من لەو دادگایە لە خوناوی کچیشم ڕۆڵم زیاتر نەبووە , کە بووە هێمایەك بۆ دادگاییەکە لە ڕاگەیاندنی هۆڵەندی و جیهانی , ئەی وێنەکان مام عەلی ڕەحیمی ؟؟ , ناوی دیکەی وەك کاك بەختیار عارف و شۆڕش حاجی , هەموو ئەوانەشی وەك ڤینۆس خان و کاك کامەران و .... هاتوونەتە دادگا و لە بواری ڕاگەیاندندا کاریان کردووە , مۆرکی خۆیان ناوە بە دادگاکەوە , بۆیە هەموومان کەم و زۆر شەریکین لەو سەهمەی بەر کورد دەکەوێت .

کاك ئەمیر ئەگەر باش مێشکی خۆی بگوشێت دێتەوە بیری , یەکە مجار لەماڵی کاك عەلی ئیسماعیل بوو , داوام لێی کرد دەست بەکاربین بۆ ئەم کەیسە , ئەو ڕۆژەشی کە ناسنامەم پێنەبوو , نەیان هێشت بچمە ژورەوە , ئەوە یاسای ئەم وڵاتانەیە , نەك بە قسەی کاك ئەمیر مەلیکەش بێت ناتوانێت لە خەت لابدات , بۆیە هەمان ڕۆژ بە پەلە چومەوە ماڵ پاسا پۆرتەکەم هێنا ئەوجا چوومە ژورەوە , نەك عەفو عام و قەرار خاسم بۆ دەرکرابێت , لێرەدا ئەوەندە دەڵێم ناخۆشە هیچ بەدەستەوە نەمێنێت , سنعاتەکە وا ڕەزیل بکرێت , بێینە سەر گێڕانەوەی ئەم شتە پوچانە , بۆیە دەڵێم نەك 4 شایەدی ئیسلامیانە بگرە نیو شایەدیش نادۆزرێتەوە .

کاك ئەمیر ڕاستە لە ڕێکخستنی ئەو دۆکۆمێنتانەی دەمان دا بە دادگا و لە کاری وەرگێڕاندا هاوکاری خاتوو زێخفێلدی پارێزەری دەکرد و دەستی خۆش بێت و کاری باشی دەکرد , بەڵام داواکاری گشتیش کە بەرپرسی دۆسیەکەیە نایەتوانی لە یاسا لابدات و بەبێ ناسنامە عەلی بباتە ناو دادگاوە , نەخوازەلا کەسێکی کلاش خواری خۆم ئاسای پەنابەری وەك کاك ئەمیر , بە داخەوە ئەو ڕۆژە کە چووم ناسنامەکەم بهێنم , لە کاتی ئامادە نەبوونم باس باسی ئەو دۆکۆمێنتانە بوو پێشکەش بە دادگام کردبوو , لەو خۆشییە بێبەری بووم کە بۆ یەکە مجار چاك بەناو چووە ناو دۆسییەکەوە ,کە ڕۆژی پێشتر کاك ئەمیر لە تەلەفزیۆنی نێت ڤێرك قسەی لەسەریان کردبوو , مەخابن تەنها ئەوەندە گلەییەم لێی هەیە بەناوی چاکەوە بڵاوی نەکردەوە , لەوەدا ئامانەتی نە پاراست و لە بڵاو کردنەوەی , نە ناوی خاوەنی دۆکۆمێنتەکانی هێنا , نا ناوی چاك کە خاوەندی ئەسڵە , وەلێ بە گرنگم نەزانی قسەیان لەسەر بکەم , گرنگ ئەوە بوو دۆکۆنێنتەکە پێکای , بە شایەدی ڤینۆس خان قوڕی زیاتری بۆ ئانرات گرتەوە , ئەوەش مەبەستی سەرەکی بوو .

بۆ مەسەلەی ناسینی پارێزەر و پارتی سۆسیالست و عەگید و مارتین , کاك ئەمیر لە ڕێگەی پارتی سیۆسیالستەوە ئەو بەڕێزانەی دۆزییەوە , ئەگەر دادگاکەش نەبوایا ئەویش وەك من جگە لە پارتی سۆسیالست کەسیانی نەناسی , دیارە هاری ڤان بۆمڵ برادەری زۆربەی کوردەکانی هۆڵەندایە و پێشتر 2 جار سمینارم بۆی گێڕابوو لە پاڵتاك لە ڕێگەی کاك ئاسۆ گەرمیانییەوە , کە سەرەتای کارەکان لە ڕێگەی ئەوەوە دەستی پێکرد .

هیوادارین هیچکە ئەوەندە خاواندارییەتی لەو کەیسە نەکرێت , ئەوە کەیسێکی کراوەیە بۆ هەموو کورد , وەکو نوکتەی دۆڵمەکەشی لێ نەیات کەس نەوێرێت لەترس ئێمە بڵێت فرانس ڤان ئانرات , هەموو لایەك بە پێی سنوور دەتوانن سود لەو دۆکۆمێنتانە وەربگرن و لەسەر ئەم دۆزە بنووسن , حکوومەتی هۆڵەندا ئەوانەی ڕێگا پێدراون دەرگای لەسەر داناخا بۆ سوود وەرگرتن لە دۆکۆمێنتەکان , ئەوەشی کارێکی کردووە , ڕۆژێك هاتوەتە بەر دادگا , بەتەنگ دۆزەکەوە هاتووە , بە تاییەت قوربانییەکان , ڕەنجەکەیان بەری گرت , بە کاك ئەمیر و خاتوو ڤینۆسەوە , هەموو جێگای ستایش و ڕێزن و هەموو هەوڵەکانیان گەورە یان بچووك ئەم گەلە لەیادی ناکات , وەلێ کە شتێکیش کرا و زۆرباسکرا ئەوە کێشی دادەبەزێت .

با بەتەکەی منیش وەڵام نەبوو بۆ ڤینۆس خان , جگە لە ئیزافەو بە گرنگی زانینی بابەتەکەی .